سوپای ئۆکراینا کۆشتییەکی جەنگی رووسیا لە دوورگەی کریمیا لە دەریای ڕەش تەکشکاند

سوپای ئۆکراینا ڕایگەیاند، هێزە چەکدارەکانی ئۆکراینا لەگەڵ یەکەکانی هەواگریی سەربازی، کۆشتییەکی جەنگی رووسیان لە کەناراوەکانی نیمچە دوورگەی کریمیا لە دەریای ڕەش تەکشکاند.

ئەمە چوارشەمە، (14ـی شوباتی 2024)، لە گرتە ڤیدیییەکدا کە دەزگای هەواگریی سەربازیی ئۆکراینا بڵاویکردووەتەوە، دووکەڵەکی زەر و بەسەی ئاگر لە شوێنەکەوە کە پەدچەت شوێنی کۆشتییەکەبێت، بەرز دەبێتەوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، کۆشتییەکەی رووسیا کە ناوی (سیزەر کونیکۆڤ)ـە لەلایەن فڕۆکەی بەفڕۆکوانەوە لە کەناراوەکانی کریمیا لە نزیک شاری ئالوپکا هەرشیکراوەتەسەر.

هەواڵەکەی سوپای ئۆکراینا لە کاتێکدایە، وەزارەتی بەرگریی رووسیا هیچ رووونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم بابەتە بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام پشتڕاستیکردەوە کە شەش فڕۆکەی بەفڕۆکوانی ئۆکراینا لە ئاوەکانی دەریای ڕەش خستووەتەخوارەوە.

کریمیا کە لەساڵی 2014 لەلایەن مەسکەو کۆنترۆکراوە، لە هاوینی رابردووەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن فڕۆکەی بەفڕۆکوان و مووشەکی ئۆکراینەوە دەکرێتە ئامانج.